
# (ئاندرۆ وایت) بە پێنووسی خۆی

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە: ستار قادر



ئەوکات کە لەتەمەنی هەژدە، نۆزدە ساڵیدا بووم، باوکم چەند نیگارێکی لە گەلەری (پلیم ماکبێس) بۆ نمایشکردم، ئەو گەلەرییە تایبەتمەند بوو بۆ نمایشکردنی تابلۆی ئەو هونەرمەندانەی کە ئەمریکی بوون. ئەو پێشانگەیەم سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناو سەرجەم تابلۆکانیشم فرۆشران، هەر بەهۆی ئەو نمایشەوە تاڕادەیەک بەناوبانگ بوومو جۆرێک لە دەنگۆی ئەوەم دەبیستەوە کە لە تابلۆی ڕەنگی ئاویدا ناوبانگم پەیدا کردو تا دەهات باوەڕم بەخۆم پەیدا دەکرد، هەر بەهۆی فرۆشتنی تابلۆکانەوە لەڕووی ماددیشەوە سوودمەندبووم.

دوای ئەو نمایشە، ئەوەی نیگەرانی دەکردم، بێتواناییم بوو لە وێنەکێشانی لەشولاری ئادەمیزاد، بۆیە خۆم بەبێ توانا دەزانی، بەشێوەیەکی کامڵو واقیعی بەرجەستەی لەشولاری ئادەمیزاد بکەم، بۆ ئەمەش سەرەتا بەدراسەی (Study) (ئەناتۆمیا-تشریح) دەستمکردە ئەزموونو باوکیشم لەم میانەیەدا زۆر کۆمەکی کردم، هەندێک کتێبو کوراسی ئەناتۆمیای خستە بەردەستم تاکو بەشێوەیەکی زانستی خۆم فێری وێنەکێشانی ئەناتۆمیای ئادەمیزاد بکەم، هەروەها (پەیکەرە ئێسکێکی-هیکل العظمی) مرۆڤی بۆ پەیداکردم تا لەهەموو لایەکەوە وێنەی بکێشم، ماوەیەکی زۆر بەوێنەکێشانی پەیکەرە ئێسکەکەوە سەرقاڵ بوومو سەدان جار وێنەیم دەکێشا، لە تەنیشتەوەو لە دواوەو لە پێشەوەو لە سەرو خوارەوەش بۆ ماوەی مانگێک بە بەردەوامی دراسەیم کرد. دوای ئەو مانگە لە وێنەکێشان، ڕۆژێک باوکم هاتە لام و پێیگوتم: زۆر چاکە لەمەودوا دەبێت بەبێ تەماشاکردنی پەیکەرە ئێسکەکەو بەپشت بەستن بەیادەوەرییو موخەیەلەت وێنەی پەیکەرە ئێسکەکە بکێشە وەک چۆن لەهەموو لایەکەوە وێنەیت

لەبەردا کێشاوە، بەهەمان شێوە ئەم جارەیان بەبێ سەیرکردنی وێنەی بکێشە بۆ ئەوەی بزانیت چەندە سوودت لەو دراسەکردنە بینیووەو ئەوەی زیاتر باوکم مەبەستی بوو فێری بم، دەوڵەمەندکردنی خەیاڵم بوو، هەروەها بەرجەستەکردنی مەودای سێیەم بوو لە هێڵکاریدا نەک نیگارکێشانی بێگیانو فلات، دەشیوویست وەک هونەرمەندانی وێنەکێشی سەدەی نۆزدە کاریان چۆن کردووە، منیش بەو شێوەیەو بەشێوازێکی ریالیزمی تابلۆ بکێشم.

پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی دراسەی ئەناتۆمیای بونیادەم بووم (Anatomy for Human) دەبوایە مۆدێلی زیندووش بکێشمو وردەکارییەکانی هەریەک لە ماسوولکەو پێوانەکان رەچاوبکەم، واتە پرۆسەی خۆپەروەردەکردنم گرتەبەر، کە تەنها وەک مەشقێک بوو بەس، بەڵکو زۆر کات ئەم ئەزموونانەم لە پێناو (بالانس) ی جوانکاری پاکێتی بوو لە کارەکانمدا، هەر لەو ماوەیەدا ئەو کوروکاڵانەی هاورێم بونو سەردانی ستۆدیۆکەمیان دەکرد، دەمکردنە مۆدێلو بە(پۆزێکی- وضعیة) دیاری کراو وێنەیانم دەکێشاو ئەو ئەتمۆسفیرەشم تێدا دەخولقاند کە مۆدێلەکەی تێدا بوو. هەندێ جار لەگەڵ وێنەکێشانی هێڵکارییە ئەزموونیەکاندا جاروبار بەرەنگی زەیتی ئەو کارەم ئەنجامدەدا، لەو کاتانەی کە پشووم دەدانە مۆدێلەکان سەرنجی زیاترم لێدەدان لە هەر پۆزێکیاندا وەک دانیشتنو وەستانیان هەتا لە جووڵەکانیشیان ورد دەبوومەوە. ئەم تێبینییەم فێری کردم کە پۆزە راستەقینەییەکان ئەو پۆزانە (وضعیة) بوون کە لە یادەوەریو موخەیلەمدا هەڵمگرتوون، هەموو ئەو جووڵەو بزاوتانەی مۆدێلەکانم دەیانکرد لە یادەوەریمدا دەمپاراستو دواتر وێنەیانم دەکێشا بەشێوەیەکی ریالیزمی، دواتر بەبێ ئەوەی فیگەرو مۆدێل لەبەرچاوم بێتو بێ هیچ گرفتێکو بەوپەڕی لەخۆڕابینیەوە هەر پۆزێکم لەجووڵەو دانیشتنو وەستانی فیگەری ئادەمیزاد بوویستایە وێنەم دەکێشا، لەمەوە چوومە ژێر کاریگەری زۆرێک لەو هونەرمەندانەی کە وێنەی ئادەمیزادیان بەشێوە ریالیزمیەکە کێشابوو، بەڵام ئەم کاریگەرییە لە هیچ کام لەو ئەزموونانەی پێیاندا تێپەڕیبوم نەیدابوومێ، ئەو تابلۆیانەش بەپشت بەستن ئەندێشەم دروستمکردبوون بەوێنەی ئەم کاریگەرییەی هونەرمەندان نەبوو، لەو دەمەدا تابلۆکانی هۆمەرم Homer زۆر خۆشدەویست، بەتایبەتی تابلۆ ئاویەکانی، بەوپەڕی تاسەوە سەرنجم دەدایە تەکنیکە رەنگە ئاویەکانی بەتەواوەتی کەوتمە ژێر کاریگەرییەوەو وەک ئەوە وابوو سیحرم لێبکات هێندە چێژم لێدەبینی، بەتایبەتی رەنگە شینە ئاسمانییەکانی زۆر جێی سەرنجم بوون، هەروەها رەنگە خۆڵەمێشییە مسیەکانیو رەشاییەکانی دانابوو لە میانی تابلۆکانی دەچــووەوە سەر هونەرمەندی سەدەی بووژاندنەوەی ئیتالی (پیرۆ دێلاندانسکا)ی وێنەکێش، ئەوە لەهەمووان زیاتر جێی گرنگیو سەرنجم بوو لە کاری هونەرمەندانی سەدەی رێنسانس، کارە گرافیکیو ئاویەکانی هونەرمەندی ئەڵمانی (ئەلبرشت دۆرەر) بوو. هەر پێش ئەو زەمەنەو کاتێک لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا بووم کە باوکم کتێبێکی کوراسی رەنگاورەنگی کارە ئاویەکانی ئەلبرشت دۆرەری نەخشێنرابوون، بەڵام بەتەکنیکی فلچەی وشکو زۆر قەشەنگ ئیشی تێدا کردبوون، ئەو کتێبە لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی هونەری ئەنتەرناسیونال لە چاپدرابوو، زەمەنێکی زۆر بەسەیرکردنی ئەو کتێبەوە خۆم سەرقاڵدەکرد، ئەوەندە بەکارم هێنابوو، پەرەکانی بەرەو لەناوچوونو رزیوویی دەچوو، زۆر کات ئەو تابلۆیەی کە زیاتر جێی سەرنجم بوون لە کتێبەکەم دەکردەوەو هەڵمدەواسی تاکو بەردەوام لەبەرچاوم بێت، هەر کاتێکیش دەچوومەوە سەری شتی نوێم تێدا دەدۆزییەوە کە پێشتر نەمبینیبوو.

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانمدا بانگەشەی ئەوەم کردووە کە هونەرمەند ئەلبرشت دۆرەر داهێنەری شێوازی فلچەی وشکە لە نیگارکێشانی رەنگی ئاویدا، زۆرێک پێیان وایە کە من خاوەنی راستەقینەی

ئەو شێوازە تەکنیکییەی فڵچەی وشکم لە ڕەنگی ئاویدا، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، دۆرەر خاوەنی ئەو داهێنانەیە، من لەو باوەڕەدام کە تەکنیکی کارکردنی فڵچەی وشک لە ڕەنگی ئاویداو بەتایبەتی لە تابلۆی ناسراوی (کەروێشک)ی دۆرەر، هێندە باڵایە ناچێتە ئەقڵەوە، بەتایبەتی ئەو وردەکارییەی کە لە تووکەکەیدا بەرجەستەی کردووەو هەموو ئەو تاڵە خوریانەی وێنەکێشاوە، بۆیە من لە کاتی بینینیو تەماشاکردنی ئەو تابلۆیەدا هەست بەدەستو پەنجە ناوازەکەی دەکەم، بەتایبەت هەست بەو تەکنیکەی دەکەم کە بەفڵچەی وشک ئەنجامیداوە.

هەر لە میانی ئەو هونەرمەندانەی کاریگەرییان لەسەرم بووە، کاریگەری هونەرمەند (هود بایلی) م لە سەرە، هەندێ لە ڕەخنەگرو مێژوونووسانی هونەری شێوەکاری، پێیان وایە کاریگەری تۆماس بیگنر بەسەر کارەکانمەوە هەیە، من حورمەتم بۆ هونەرمەند بیگنر هەیە، بەڵام کاریگەرییەکی وەهای نییە بەسەرمەوە لە کاتێکدا ئەو هونەرمەندێکی ئەورووپییەو ئەمریکی نییە، بۆیە زۆر بەکەمی ئیشەکانی وروژاندومی، ئیتر لەبەر هەر هۆکارێک بێت، هەروەها کیلتری وێنەکێشیش، وێنەکێشێکی ئەکادیمی فەرەنسیدا مەشقی کردووە بۆیە زیاتر



ئیسپانییە نەک ئەمریکی.

بەبۆچوونی من هیچ یاساگەلێکی ئەوتۆ بۆ وێنەکێشان لە ئارادا نییە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ڕقم لەوانە وتنەوەی هونەرییە، چونکە لەهونەردا باوەڕم بە تیۆرەیەکی هونەری نییە لەبەرئەوەی ناتوانم خۆم لەقاڵب بدەم، لەوانە وتنەوەشدا دەبێت پەیڕەوی تیۆرە هونەرییەکان بکرێت، ئەمە ئەگەر بتەوێت مامۆستایەکی باش بیت، لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕم بەتیۆرەکانی هونەر نییە، بنەماگەلێکی زۆر باشم لەژیاندا بەدەستهێناوە، هەر بەردەوامیش دەبم تا زیاتر قاڵ بم، ئەوەی بەلامەوە جێی گرنگییە، گەڕانە بەدووی ئەو شتەی کە پەیوەندی زیاتری بەهەستو سۆزەکانمەوە هەیە، واتە ئەوەندەی مەبەستمە لە تابلۆکانمدا هەستو سۆز دەرببڕم، هێندە تەکنیکی ئیشکردن بەلامەوە گرنگ نییە، چونکە تەکنیک لە پرۆسەی وێنەکێشاندا خۆیان گرنگی بەخۆیان دەدەن، لە میانی پرۆسەی وێنەکێشاندا دەرئەنجامەکان تەکنیکی ئیشکردن دەردەکەون.

هەندێک لەو وتارە ڕەخنەییانەی کە لەسەر کارەکانم نووسراون، تێیاندا هەیە ئاماژە بەوە دەداتو دەڵێن (وایت) گەیشتۆتە ئاستێکی تەکنیکی باڵا لە تابلۆکانیدا، لەبەر ئەم ئاستەیەتی تازەبوونەوە لەئیشەکاندا نابینرێتو لەجێی خۆیدا وەستاوە، ئەوانەی ئەم جۆرە وتارە ڕەخنەییانە دەنووسن بەڕێگەیەکی ڕاست تەماشای کاری هونەری ناکەن، چونکە تەکنیکی ئیشکردن شتێک نییە جێی گرنگی من بێت، بەواتایەکی دی دەڵێم تا ئەوەندە تەکنیک لە لای منەوە جێی گرنگییە کە بەهۆیەوە بتوانم گوزارشتی شتگەلێکی ئەوتۆ بکەم بەهۆیەوە، گوزارشت لە هەستو سۆزە تایبەتییەکانم بکات.

من باوەڕم بەو کەسانە نییە کە بتوانێت لەڕووی تەکنیکییەوە پێشبکەوێتو ڕێگەیەک-ستایلێکی نوێ بدۆزرێتەوە گەر مەیلی نەبێت بۆ دەربڕینی هەستو سۆزە تایبەتییەکانی، لە ئەزموونەکانمدا بۆم دەرکەوتووە کە وێنەکێشان بەقەڵەم ڕەساس (واتە هێڵکاری-Drowing) زەریایەکی لەبن نەهاتووە بۆ

گوزارشتپێکردن لەهەستو سۆز، من لە پرۆسەی وێنەکێشاندا زۆر جار لە گردێکەوە دەستدەکەم بەوێنەکێشانو دواتر بەرەو قەدی درەختەکانو گەڵاکانی دەچم، زۆر کات لە پرۆسەیەکدا کە شتێک بەقووڵیی کێشم دەکات بەرەوخۆی، ئیتر ئەو شتە پێدەچێت توخی ڕەنگی ڕەشییەک بێت، ئەمەش لەژێر کاریگەرییە هەستو سۆزییەکەدا ئەنجام دەدرێت، ئەم پرۆسەیەیە کە بەهێڵکاری ناوزەد دەکرێت، ئیتر بەقەڵەم ڕەساس ئەنجام بدرێت یاخود بەمەرەکەب. هەروەها ئەتوانم ئەوەش بڵێم کە بەلای منەوە ئەبستراکترین کارێک لەوێنەکێشاندا ئەداتەکەی بەقەڵەم ڕەساس ئەنجام دەدرێت، چونکە نەخشەی سەرەکی هەر تابلۆیەک بەقەڵەم ڕەساس ئەنجامدەدرێت، بۆیە لەلای من وێنەکێشان دروست وەک زۆرانبازی وەهایە، کاتێک لە پرۆسەکەدایت سەرەتا تۆ هەڵمەت دەبەیت، بەڵام دەبێت پرچەکو ئامادەبیت بۆ ئەم زۆرانبازییە، ئەویش بەوەی کە جورئەتی کێشانی هێڵەکانت لە ڕادەیەکدا بێت سڵ لەو شتە نەکەیتەوە کە ئەتەوێت دەریببڕیت، لە هەڵمەتبردندا نابێت بهێڵیت لەم کارەتدا هیچ هەڵەیەکی هێڵیی بکەیت بۆیە دەبێت ئەو هێڵەی دەیکێشیت دروست وەک ئەو تیرە وەهابێت کە بچوکترین ئامانج دەپێکێت، بەواتایەکی دی هێڵکاری وەک کۆدێکی دیاریکراوە بەخێرایی دەچێتە ناویەوەو بەخێراییش لێی دێیتەدەر. دیارە بۆ ئەم مەبەستە پانتایی وساو- تێکسچەر- ملمس-ی قەڵەمو کاغەزەکەو ئەو ماتریالانەی بەکاریان دەبەیت، دەبێت پێشتر ئەزموونت کردبن تاکو بەوپەڕی جورئەتەوە ئەم کارە ئەنجامدەیت.

تاقە سوودو گرنگییەکەی لەبەکارهێنانیدا ئەو پڕۆژەیەیە کە هەتە، بەڵام دەبێت بەوپەڕی خێرایی بەبێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەو ساتەدا بەئەنجامی بگەیەنیت.

وێنەکێشان بەڕەنگی ئاویی لەهەندێ ڕووەوە لەهێڵکاری دەچێت، بەڵام هێڵکارییەک بەڕەنگ ئەنجامدەدرێت،بەبەکارهێنانی ڕەنگی ئاویی دەتوانرێت ئەتمۆسفێر بکێشرێتو وێنابکرێت، بۆ نموونە ڕەنگی بەفربارین کە بەنێو دارودرەختەکاندا دەبارێت یان لە کوخە بچووکەکاندا دەیبەستێ یاخود لەسەر شووشەی پەنجەرەکانەوە دەبینرێت، بەشێوەیەکی کامڵ گوزارشت لە ڕووە سەربەستانەکەی سروشت دەکات، من لە پرۆسەی وێنەکێشان بەڕەنگی ئاویی بەفڵچەی وشک وێنەدەکێشم، کاتێک هەست بەبابەتێکی قووڵ دەکەم لە یەکێک لە تابلۆکانمدا کە بەفڵچەی وشک ڕەسمیم دەکرد کە وێنەی (جیمی) کورم بوو، سەرەتا وەک هەر وێنەیەکی ئاسایی بەڕەنگی ئاویی دەستم پێکرد، بەڵام دواتر گرنگیم بەچینی شەپقەکەیدا کە لەسەریدا بوو، بەردەوام بووم لە وێنەکێشان تییدا تا گەیشتمە قۆناغی بەکارهێنانی فڵچەی وشک، دواتر ڕەنگەکان وشک دەبوونەوە کە لەئەنجامدا بەرهەمێکی جوداو نوێ هاتە بەرهەم کە تەکنیکی فڵچەی وشک بەسەریەوە زاڵ بوو، کاتێک بەدوویدا چوومو لێکۆڵییەوە کە چۆن ئەم تابلۆیە جیاواز دەرکەوت کە تێکەڵە یەک بوو لە ڕەنگی ئاویی ئاساییو فڵچەی وشک، من پێموایە لە کۆی تابلۆکانمداو لە هەموویان زیاتر کە سەرکەوتووبووم لەم جۆرە وێنەکێشانە تابلۆی (گای بچووک) بەیەکێک لەو تابلۆیانەم دەزانم.

